# سیمای هونەری
# لە ڕۆمانە بەراییەکانی سەلیم بەرەکات-دا



ن: دلور میقری

و: محەمەد عەبدوڵلا

(1)

بە بڵاوبوونەوەی رۆمانە سێ بەشەکەی (الفلکیون في ثلثاء الموت) زیاتر سیمای هونەریی ئەدەبی سەلیم بەرەکات روونبووەوە. ئەم نووسەرە رێچکەیەکی تایبەتو ناوازەی وای بۆ خۆی هەڵگرتووە، لەوەپێش هونەری رۆماننووسیی عەرەبی پێی ئاشنا نەبوو.

بۆ ئەوەی مرۆڤ شتێك لەو شێوازو سیما ناوبراوە شرۆڤە بکات، ناچارە سەرنجێکی خێراو گشتگیر لە کارەکانی پێشووی‌و هەڵسەنگاندنی توێژەران بۆ ئەو کارانە بدات. خۆ ئەگەر رۆمانی یەکەمی بەرەکات (فقهاء الظلام) رووداوەکانی لە باکوری سوریای هاوسنوری عیراق‌و تورکیا بێت، ئەوا لەڕۆمانی دووەمی (ارواح هندسیة)دا شوێنی رووداوەکانی گۆڕیوەو چیرۆکەکە لە بەیروتە

لەساڵی 1982دا، لەو کاتانەی هێرشی ئیسرائیل بۆ ئەو شارە لەئارادا بووە. (الریش) سێیەمین رۆمانیەتی، کە تیایدا نووسەر بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە کە زۆر کاریگەریی لەسەریەتی.. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی لەوەوپێش بۆ ماوەی 20 ساڵ بەهرەی هونەریی لێوەرگرتووە، مەبەستمان ئاراستەی هەمان نەخشەیە.. بۆ باکوور کە منداڵی و مێرد منداڵیی نووسەر لەباوەش دەگرێت و لە یادەوەرییەکانیدا جێگیرەو لێی جیانابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رووداوە سەرەکییەکانی ئەم رۆمانە لە قوبرسە.

ئەم رۆمانانەی سەرەوە لەگەڵ (معسکرات الابد)دا، ئەزمونی رۆماننووسی لای سەلیم بەرەکات بەرووبەرێکی زەمەنیدا بلاّودەکاتەوە، کە ماوەکەی نزیکەی 10ساڵە. چاودێر لەو گەشتە داهێنەرانەیەیدا دەتوانێت هەست بەو رایەلانە بکات، کە لەنێوان ئەو رۆمانانەدایە کە ناومان بردن، بەو جیاوازیەشەوە کە لە (ارواح هندسیە)دا هەیە وەك پێشتر باسمان کرد. دەبینین رۆمانەکانی بەرەکات بەسەریەکەوە چارەسەری مەسەلەیەکی بنچینەیی دەکەن، ئەویش چارەنوسی مرۆڤە لە گەڕانی بێوچانی بەدوای ناسنامەو واتاکانی ژیانی. کەواتە هەر چوار رۆمانەکە لەڕووی کاتەوە، باسی بابەتێکی هاوبەش ناکەن، بەلاّم هەمان سیمای هونەرییان هەیە، نەك تەنها لەڕووی شەفافیەتی رەمزەکانیانەوە، بەڵکو نموونە بەشەرییەکانیش لەخەسڵەتەکانیاندا هاوبەشن، ئەمە جگە لەو ئامانجەی دەیەوێت لە هەریەکێك لەو کارانە بەدەستی بهێنێت.

(2)

(فقهاء الظلام)، رووداوەکانی لە قامیشلییە، ئەو شارەی کە تەنها چەند مەترێك لەسنوری تورکیاوە دوورە، ئەو سنورەی بە پەرژینێکی درکەتەل تەنراوەو زەویەکەشی مینڕێژکراوە. ئەم بۆسەیە چەند پتەوە، بەلاّم نەیتوانیوە رێگە لە قاچاخچییەکان بگرێت، هەر هیچ نەبێت لە تەحەداکردنی سنوورەکەو هاتوچۆکردن پیایدا. لێرەدا نووسەر دەست بەگێڕانەوە دەکات و هەندێکجار زیادەڕۆییش دەکات. باسی جولاّنەوەی ئەو پیاوە ئازایانە دەگێڕێتەوە کە نائاساییین و زیاتر بەو ئەفسانانە دەچن کە خەڵکی لەنێوان خۆیاندا نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوەو بەم شێوەیەش هەر لەمنداڵییەوە لەنەستی بەرەکاتدا جێگیربووە. خەسڵەتێکی هاوبەشی ئەم رۆمانەی یەکەمی لەگەڵ (معسکرات الابد)دا دووبارەبوونەوەی هەمان رووداوە لەسەرەتای هەموو بەشێکی پێشنیازکراودا: لەوەی یەکەمیاندا نووسەر هەروەك شیکارێکی تاقیگە هەموو خانەیەك لەخانەکانی جەستەی پاڵەوانەکە بۆ دەرخستنی چۆنیەتیی پێکهاتە جینیەکەی لەمنداڵدانی دایکیدا دەخاتە ژێر وردبینەوە، لەکاتێکدا لە(معسکرات الابد)دا وردەکاریی کێشەی توندی نێوان دوو کەڵەشێرە کە دەبینین: لێرەو لەوێ ئەم دووبارەبوونەوەیە بەشێکی راستگۆو قوڵی دەلالەتی رایەڵەی گێڕانەوەکەیە. وەك لەکاتی خۆیدا دێتە بەردەستمان، کاتێك باسی دوا رۆمانی دەکەین. دەکرێت چیرۆکی (فقهاء الظلام) بەم چەند دێڕە کورتبکەینەوە: (مەلا بێناف) پیاوێکی بەساڵاچووە، کوڕێکی دەبێت، کە سروشتێکی نائاسایی هەیە، ناوی دەنێت (بێکەس). ئەم منداڵە زۆر بەخێرایی و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشە دەکات، تەنها لەڕۆژی لەدایکبوونەکەیدا دەبێتە پیاوێکی تەواو پێگەیشتوو، بەئەندازەیەك داوا لەباوکی دەکات ژنی بۆ بهێنێت!!.. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو ئەم کوڕە تازە لەدایکبووە بەجۆرێك دەچێتە تەمەنەوە، تا هاوتەمەنی باوکی دەبێت، بەمەش باوکی

لەبەردەم ئەو میوانانەدا کە بۆ پیرۆزبایی دێن شەرمەزار دەکات. ئا بەم شێوەیە سەلیم بەرەکات رۆمانەکەی (فقهاء الظلام) دەچنێت و فەزایەك لەفەنتازیا دێنێتەبوون، کە لەژیانی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەم رۆمانەدا، وەك سەرجەم داهێنانەکانی دیکەی نوسەر، لایەنی واقیعی تێکەڵ بەلایەنی میتافیزیکی دەبێت و خەو بە یۆتۆپیایەکی هیوادارەوە دەبینێت لەپاشەرۆژێکی رزگارکەردا، واقیعەکەشی بەچەند تیشکێکی زیادە دەرازێنێتەوە، لەم رووەوە ژیانی کەسێتیی نووسەر بیری مرۆڤ دێنێتەوە، هەروەك خوێندومانەتەوە لەنوسینەکانی دیکەیدا (الجندب الحدیدي) و (هاتە عالیا)، لەمەی دواییاندا بینیمان چۆن مامۆستایەکی حزبی سەرکوتکاری نامۆ، خوێندکارەکانی دەچەوسێنێتەوەو جوێن بەدایکیان دەدات، تەنها لەبەرئەوەی کە کوردن، بەڵام لەکاتی روخانی رژێمی دەسەڵاتداردا -لەسەردەستی ئەو دایکانە- بە ئەنجامی شایستەی خۆی دەگات و تۆڵەی گومرایی و رەگەزپەرستێتی و بێدینیی لێدەستێنن.

لەرۆمانی (فقهاء الظلام)یشدا، نوسەر وێنەیەکی دیکەی مامۆستا نامۆکە پێشکەش دەکات. ئەم لاوە رۆشنبیرە، کە دەیەوێت باوەڕە پێشکەوتنخوازەکەی خۆی لەناو خوێندکارەکانیدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام سەرەئەنجامی ئەمیش لەسەر دەستی خەڵکەکە لەوی دی باشتر نابێت.

ئەمجارە بەهۆی ئەوەوە کە سوکایەتیی بەبیروباوەڕو نەریتەکانیانەوە کردووە، بۆیە سزای ئەم نەرمکردنی پەنجەکانی و پاشان شاربەدەرکردنیەتی، لێرەدا کۆمەڵگەش باجی ئەم رەفتارە دەدات و توشی ئازاری ویژدان دەبێت. ئەوەتا هەر پەنجەیەو لەزەویەکاندا دەروێت و نیشانەی تاوانبارککردن بۆ خەڵکەکە درێژ دەکات، ئەوانیش داوا لەباپیرە (عەفدی) دەکەن تا ببێتە پاسەوانی کێڵگەکەو ئەو بەروبومە خوێناوییە بدروێتەوە، هەرکاتێك دووبارە روایەوە.

جێی تێبینیکردنە ئەم ئەرکەی باپیرە (عەفدی) کە باسکرا، لەگەڵ ئەرکی (شاشان)ی پاسەوان لەرۆمانی (معسکرات الابد)دا زۆر لەیەکەوە نزیکن، هەردووکیشیان وەك ئەوەیە شکاندنەوەی یەك وێنەی واقیعی بن، کە لەژیانی کەسێتیی نوسەردا خوێندمانەوە، مەبەستمان (سەیفیە)ی پاسەوانی جۆگەکانە.

(3)

ئەو رایەڵە سیحریانەی بەژینگەی نوسەر کۆتاییان دێت، وەك لەهەردوو رۆمانی یەکەم و چوارەمدا هەستمان پێکردو هەردوو جیهانەکەی پێچنراوە. هەندێکجار ئەو دەزولانە دەپچڕێن، کاتێك دەچینە رۆمانی دووەمەوە (ارواح هندسیة) کە رووداوەکانی لەبەیروتە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا. بەڵام بۆچی نوسەر ئەو درێژبوونەوە ئاسۆییە ژینگەییە دەشکێنێت لەم رۆمانەدا؟، ژینگە کوردییەکەی هەمان ژینگەیە، کە بابەتە هەڵبژێردراوە شیعری و پەخشانییەکانی لێ هەڵدەهێنجێت.

وەڵامەکەی بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی ئەدەبی سەلیم بەرەکات بەهونەری رەسەنەوە، کە بەرجەستەکردنی گێرانەوەی یادەوەرییەکان و ئەزموونەکانی ژیانی کەسێتیی خۆیەتی، ئەم ئەدەبە بەرجەستەکراوە تایبەتە، هاوارەکانی خەڵکانی ترە لەو ژینگەیەی نوسەردا.

ئەم لەڕێگەی تێڕامانە قوڵو دڵەڕاوێکانییەوە بۆ بوونەوەرەکان و شتە مادییەکانو تێکەڵکردنی داهاتووی هەموویان بەناویەکدا تەوزیفیان دەکات. کەواتە شارێکی گەورە بەقەبارەی بەیروت جیاوازە لەشاری لەدایکبوونەکەی خۆی لەهەموو شتێکدا، ئەمەش دەبێتە پاساوی ئەو جیاوازییە لەناوی پاڵەوانەکانو ڕەهەندەکانی شوێنو ماوە زەمەنییەکاندا. لێرەدا کەسێتیی پاڵەوانەکە خوێنەری باشی ئەدەبی بەرەکات ڕەنگە سەرسام نەکات، چونکە وێنەیەکی نزیکی کەسێتیی خۆیەتیو لە پێشەوە ئەو ئەدەبەمان بە–سۆزو تاسەی بەردەوام بۆ ڕابردوویەکی ونبوو– ناوبرد، پێدەچێت وروژاندنی ئەم لایەنە لەڕۆمانی دووەمیدا بگەڕێتەوە بۆ زۆرهێنانی بەشێوەیەکی ئازاردەر لەناخیدا.

لێرەدا شایەنی ئاماژەپێکردنە، کە سەلیم بەرەکات بەهیچ شێوەیەك پەلەی نەکردووە لەگواستنەوە ئەزمونی خۆی لەبەیروت بۆ خوێنەر، وەك لەکاری زۆربەی ڕۆماننوسە عەرەبەکاندا دەردەکەوێت. ئەوانەی کارەکانیان هەڵچونو کاردانەوەیە لەمیانەی ئەو ئەزمونەداو نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کامڵەی شایەنی خوێندنەوەبێت. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، سەلیم بەرەکات لە(ارواح هندسية)دا زۆر سەرفرازو ئازادانە خۆی لەو خڵتەو خاشاکانە دەبوێرێتو قەڵەمەکەی وابەستەی یادەوەریی گەرمو زهنیەتی سارد دەکات. تا کەفوکوڵی بەهۆی تێپەڕبوونی ساڵانەوە نەنیشێتەوە ئامادەی نوسین نابێت، چونکە ئەو دەیەوێت بەئارامی وێنەیەکی ڕاستو دروستی ئەوەی لەناوەوەیدا هەیە بخاتە سەر کاغەز، بەڵام چی ئەم ڕۆمانە بەکارەکانی دیکەیەوە دەبەستێتەوە؟. ئەو کارانەی لەڕووی زەمەنییەوە لەپێشو پاشی ئەم بەرهەمەوە دێن؟ ئەوەی هەمیشە دەتوانین جەختی لەسەر بکەینەوە ڕاستگۆییە لەگواستنەوەی ئەزموونە مرۆڤایەتییەکان. ئەمە جگە لەو کەشە سەرسوڕهێنەرو فەنتازییەی ئەدەبی سەلیم بەرەکاتی پێ جیادەکرێتەوە. ئەم جۆرە کەسانە ئەو ڕۆحییەتانە دەیبڕن کە هاوڕێی پاڵەوانەکەن لەگەشتەکەیدا، لەو کەشتییەدا کە خۆیو هاوەڵەکانی بەرەو (منافی الله) دەباتو لێکچووەکانی ئەمانەش هەر لە یەکەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆمانی چوارەمی نوسەر (معسكرات الابد)دا دێنەوە بەردەممان.

(4)

لەکۆتاییدا دەگەینە ڕۆمانی (الريش) کە تێیدا نووسەر ئادگارەکانی ژینگەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، ئەگەرچی شوێنی سەرەکیی پاڵەوانەکانی دورگەی مەنفایە، لە قوبروس. بەهەرحاڵ، توێژەران جیاواز نین لەشێوازو بۆچوونە ڕەمزییەکانی نوسەر، بەڵکو ئەوەی هەڵوەستەی پێکردون مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ مەسەلەی مێژووی تراژیدیای نەتەوەیی گەلی کورد، لەنێوان ساڵەکانی 1900–1947، وا دادەنێم کە بەرەکات لەبیریدا نەبووە ڕۆمانێکی مێژوویی بنووسێت. ئا لێرەدا هەروەك چۆن لە(ارواح هندسية)شدا بینیمان،، کەشی نامۆیی وەك یەك، ژیانو پاشەڕۆژی پاڵەوانەکانی داپۆشیوە. ئێمە لە سەروبەندی چاودێریکردنی جوڵەی کوڕی باکور (مەم)داین، ئەو لاوە بەدبەختە، کە خەمەکانی خۆیو نەتەوەکەی کۆڵبەکۆڵ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی هەڵگرتووە. سەرەتا لەشارۆچکە بچووکەکەیەوە، بەرامبەر بە سنووری تورکیا، بەرەو حەلەب، شاری خوێندنیو کۆتاییش لە جێنزرگەی کەئابەو تەنیایی لەدورگەی قوبرس، ئەو شوێنە بەرەوتێکی دیکەماندا دەبات، کە قۆناغێکی مێژووییە لەتراژیدیای هاوچەرخی کورد لەسەردەمی جەنگی

جیهانیدا، بەم پێیەش دووبارە خۆمان لەبەردەم ئەو رایەڵە سیحریەدا دەبینینەوە کە لەوەوپێش باسمان کردو تایبەتە بە ئەدەبی سەلیم بەرەکات، واتە (سۆزو تاسەی یادەوەریی بەردەوام، بۆ رەگە رۆچووەکانی ژینگەی یەکەم).

سەیر نییە ئەگەر پاڵەوانەکە (مەم) ئەزمونی کەسێتیی بەرەکاتی نوسەر بەرجەستە بکات، لەو مەنفایەی ناومانبرد، جگە لەوەش کەشێکی سەیرو فەنتازیی ئاڵۆز دەداتە شوێنو بونەوەرەکان. ئەو ئەزموونەی قوبرس رەنگە سوودی زۆری بۆ رۆمانەکە بووبێت کاتێك ویستویەتی هەستە زۆر تایبەتییەکانی خودی نوسەریش وەك نامۆیەك بگوێزێتەوە، کە دەیەوێت هاوبەشی پاڵەوانەکە بێت لەڕەوتی ژیانو هیواکانیدا، بەڵام وێناکردنو وەسفەکانی هەروا رووکەشیو فۆتۆگرافی نین، بەقەد ئەوەی فەنتازین.

هەروەها بەرەکات نەیویستووە بەرگێکی ئامادەکراو بە باڵای پاڵەوانو کەسێتییەکانی دیکە ببڕێتو جێگەی رەوتی دراماکەی پێبگرێت، بەجۆرێك کە سەربەخۆ پێشبکەوێتو هەڵبێت. ئەو کەسێتیانەی زۆر بەئاگاییەوە سازکردووە، تا دەگەنە پێگەیشتنی تەواو بەئەندازەیەك کە رۆماننوس مەبەستییەتی. ئەم کەسێتیانە بەچەکی شارەزاییو بەئاگایی تەیارکراون، بەو پێیەی دۆزی کورد، دۆزێکی سیاسییە، هەر بۆیە مێژووی جوڵانەوەی سیاسیی کورد، مێژووی رۆحی کەسێتیەکانی رۆمانەکەیەو شکستی ئەو جوڵانەوەیەش، شکستی کەسێتییەکانە. ئەدەبی رۆماننووس سەلیم بەرەکات بێ کەموکوڕی نییە. ئەم ئەدەبە ئامادەکراوە بۆ کرانەوەو خوێندنەوەی بێ کۆتایی، نەك بۆ ئەوەی هەر دەلالەتو ئامانجەکانی زیاتر روون ببنەوە لەلایەنە راستییەکەیەوە، چونکە ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەرکەکانی رەخنەو خوێندنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئاسۆکانی ئەو ئەدەبە زیاتر فراوان بێتو بۆ بێکۆتا بکشێت.

